# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبونی مین و کاریگەری لەسەر لەوەڕگای سروشتی لە پارێزگای سلێمانی

دلێر خالد حسن[1] - پشتیوان شفیق أحمد[2]

[1+2]بەشــی جوگرافیا، کۆلێژی زانســتە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق،

**پوختە:**

مین وەک بەشـــێک لە ســـتراتیژی جەنگ و تۆقاندنی خەڵک دەناسرێت، چەکێکی شەڕە، بەکاردێت بە مەبەستی زیانگەیاندنی گیانی و مادی، هەرزانترین وکاریگەرترین چەکە لە ژێر کەرســـتەیەک یان چینک لە زەوی دادەنرێت، کە ناوەندی گەشـــەکردن و بونی لەوەڕگای ســـروشـــتیە: کە بریتییە لە ڕوبەرێک لە زەوی دیاریکراو کە شـیاوی چاندنی کشـتوکاڵی نییە، بە هۆی هۆکاری سروشتی وەکو (بەرزی و نزمی و ئاووهەوا، خاک... هتد)، کە پێکدێت لە دارســـتان و گژوگیـا بە جیـاوازی شـــوێن و جۆرو جیـاوازی وەرزەکـان، بەبێ دەســـتکـاری مرۆڤ دەڕوێن و ســـەرچاوەی ســـەرکی باشـترین و تەندروسـترین و هەرزانترین جۆری ئالیکن بۆ ئاژەڵی (ماڵی و کێوی). هەروەهـا لەوەڕگـا ســـروشـــتییەکـان دەرامەتێکی ســـروشـــتی نوێبوەوەن کاریگەریان لەســـەر لایەنی جوگرافی و ژینگەیی و ئـابوری و کۆمەڵایەتی هتـد. هەر ناوچەیەک هەیە.

گرنگی ئەم توێژینەوە دەرخســتنی مێژوی بونی مین لە پارێزگاکەو هەرێمی کوردستان و دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی مینە لە پارێزگای ســـلێمانی، و کاریگەری لەسـەر لەوەڕگای سـروشـتی لە پارێزگاکە، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ســـروشـــتی و مرۆیی، کاریگەریان کردۆتە ســـەر زۆربونی مین و زیانەکانی لەســـەر ئەم پارێزگایە، بە مەبەســـتی پاراستنی دانیشتوان و گەشتیاران بە گشتی و ئاژەڵ و خاوەن ئاژەڵەکان بەتایبەتی لە ناوچە ســـنوری و کوێستانەکان.

بۆگەیشـــتن بەئـامـانجی توێژینەوەکە، میتۆدی ئیســـتقرائی، شـــیکـاری و هەرێمی بەکـارهـاتوە، تـوێـژیـنـەوەکە دابەشـــکراوە بۆ: تەوەرەی یەکەم: ناســـاندنی شـــوێنی جوگرافی پارێزگای ســـلێمانی، تەوەرەی دوەم: نـاســـانـدنی مین وجۆرەکـانی ودابەشـــبونی جوگرافی کێڵگەکـانی لە هەرێمی کوردســتان و پارێزگای ســلێمانی، تەورەی ســێیەم: کاریگەری مین لە ســـەر لەوەڕگای ســـروشـــتی لە پارێزگای سلێمانی.

هەروەهـا پێشـــنیارو چارەســـەر بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی مین لەسەر لەوەڕگای سروشتی و سامانی ئاژەڵ و خەڵکی پارێزگاکە بەگشـــتی. لە دەرئەنجامدا گەیشــتین بەوەی کە، پارێزگای ســلێمانی لە (٦٤٪)، زۆرترین مینیـان چێنـدراوی تێـدایە لە هەرێمی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

کوردستان. و لە ٨٤٪ کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی، کەوتونەتە ئەو قەزایانەی کە هاوسنوری ئێرانن، بە هۆی جەنگی عێراق-و ئێران. هەروەها بونی مین لە ناوچەی توێژینەوە، لە (٤,١١٪) کاریگەری هەبوە، لە سەر لەوەڕگای سروشتی و سامانی ئاژەڵ، چونکە سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی لە (٦٤.٤٣٪) پشت بە لەوەڕگای سروشتی دەبەستێت.

**کلیلە وشەکان:** پارێزگای سلێمانی، مین، دابەشبونی جوگرافی، لەوەڕگای سروشتی.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34
**Received:** 12-Apr-2023
**Accepted:** 11-May-2023
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
dler.khalid@uor.edu.krd
pshtiwan.shafeeq@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی :

مین چەکێکی شاراوەیە، دوژمنێکی کوێرە (بە ئاسانی بەچاونابینرێن) مێژویەکی کۆنی هەیە، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە مرۆڤ و چالاکییەکانی دروستکراوە، زۆربەیان لە کاتی جەنگەکان دانراون، بەڵام مین تایبەتمەندیەکی هەیە کە بەئاسانی لە ژێر کاریگەری ژینگەی سروشتی لەناوناچێت. بۆ هەمیشەیی لە ژینگە دەمێنێتەوە، ئەم جۆرە چەکە زۆربەیان لە وڵاتانی پێشکەوتو دروست دەکرێت، بەڵام زۆربەی قوربانانیەکانی لە جیهانی سێیەمن (وڵاتانی دواکەوتون).

پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی شوێنی جوگرافیەوە، کە ناوچەیەکی هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، لە سەدەی ڕابردوەوە، ژمارەیەکی زۆری مینی تێدا چێندراوە، بەتایبەتی لە ناوچە سنورییەکان، ئەم ناوچە سنوریانەش یەکێکن لە گرنگترین ناوچەی لەوەڕگای سروشتی و کوێستانەکان لە پارێزگای سلێمانی.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

**یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە:** دەرخستنی میژوی بونی مین لە پارێزگاکەو هەرێمی کوردستان و دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی مینە لە پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی قەزایەکان، و کاریگەری ئەم جۆرە چەکە نادیارە لەسەر لەوەڕگای سروشتی، بە مەبەستی پاراستنی خەڵک و گەشتیاران بەگشتی و خاوەن ئاژەڵەکان بەتایبەتی.

**دوەم: ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوە و دەرخستنی دابەشبونی مین و کاریگەری لە سەر لەوەڕگای سروشتی پارێزگای سلێمانی و خستنەڕوی بە داتا، هەروەها ئاماژە پێدان بە مین لە زۆرترین و کەمترین کێڵگەی مین لە قەزاکانی پارێزگاکە، هەروەها خستنەڕوی چارەسەرو پێشنیار بۆیان.

**سێیەم: کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوە بەشێوەی چەند پرسیارێک دەخەینەڕو:

١. ئایا پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی زۆرترین مینیان لێیە لە هەرێمی کوردستان؟
٢. ئایا مین کاریگەری هەیە و هەبوە لە سەر لەوەڕگای سروشتی لە پارێزگاکە؟

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانە لە توێژینەوەی زانستی وەڵامێکی پێشوەختە بۆ کێشەی توێژینەوەکە، کە دەتوانین گریمانەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بخەینەڕو.

١. زۆرترین مین لە قەزاکانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان و سنوری ئێران هەن.
٢. کێڵگەکانی مین کاریگەریان هەبوە لە سەر لەوەڕگای سروشتی لە پارێزگای سلێمانی.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی، پشت بەستراوە بە میتۆدی ئیستقرائی، لەهەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاریی ئاماری و هەرێمی بەکارهاتوە، بۆ دەستنیشان کردن و شیکردنەوە و چارەسەرکردنی داتاکان لەسنوری پارێزگای سلێمانی.

**شەشەم: پەیکەری توێژینەوە:** بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی دروست، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر سێ تەوەرەی سەرەکی کە بریتین لە: تەوەرەی یەکەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی پارێزگای سلێمانی، تەوەرەی دوەم: ناساندنی مین و جۆرەکانی و دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی، تەورەی سێیەم: کاریگەری مین لە سەر لەوەڕگای سروشتی لە پارێزگای سلێمانی.

**تەوەرەی یەکەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی پارێزگای سلێمانی**

پارێزگای سلێمانی، یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەڕوی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان. لە خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتییەوە هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، لە باکورو باکوری خۆرئاوایەوە پارێزگای هەولێرە، لە باشورو باشوری خۆرئاوایەوە




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

پارێزگای کەرکوک، یاخود ئیدارەی (گەرمیان[*])ی ئێستایە. لە باشووری خۆرهەڵاتیشەوە پارێزگای هەڵەبجەیە[**].نەخشەی (١ـ١).

لەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ( ٢٥″ : ٥٥′ : ٣٤° ) و (٢٠″ : ٣٠′ : ٣٦°) باکورو هێڵەکانی درێژی (١٤″ : ٣٣′: ٤٤°) و (٤٩″ : ٢١′ : ٤٦°) خۆرهەڵات، ( Gis.v.10.8 Arc).نەخشەی (١ـ٢).

نەخشەی (١ـ١)

شوێنی پارێزگای سلێمانی (ناوچەی توێژینەوە) بەگوێرەی هەرێمی کوردستان وعێراق





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، ب.زانیاری و نەخشەسازی، سلێمانی، بەشی GIS. ٢٠١٥. ٢- ـ بەرنامەی (Arc GIS 10.8).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

نەخشەی (١-٢)

شوێنی ئەسترۆنۆمی و کارگێڕیی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١ــ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ب.زانیاری و نەخشەسازی، سلێمانی، بەشی GIS. ٢٠١٥. بەرنامەی (Arc GIS 10.8).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

لەڕوی کارگێڕیەوە پارێزگای ســـلێمانی (ناوچەی توێژینەوە)، لە (١١) قەزا و ٢٧ ناحیە پێکهاتوە، و ڕوبەری نـاوچەی توێژینەوە (١٠٥٧٥.٢ )کم$^{٢}$بوە، قەزای دوکـان گەورەترین ڕوبەری هەیە لە نـاوچەی توێژینەوە، کە ڕوبەرەکەی (١٧٨٣.٥)کم$^{٢}$ە. کە دەکاتە (١٦,٩٪) پارێزگایەکە، قەزای پێنجوێنیش ڕوبەری مام ناوەندە (١١٣٥.٧) کم$^{٢}$ە، کە دەکاتە (١٠,٧%) پارێزگاکەیە، قەزای شـــارەزوریش بچوکترین ڕوبەری هەیە، کە ڕوبەرەکەی (٣٣١.١) کم$^{٢}$ە، کە دەکاتە (١,٣%).

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (پارێزگای سلێمانی) لە ساڵی ٢٠٢٠ (١٨٥٩١١٦) کەس بوە، کە نزیکەی لە (٥٥٪) لە ناوەندی پارێزگاکە (شـــاری ســـلێمانی) بوە، کەمترین ڕێژەشـــی کە کەمتر لە (١٪) بوە لە هەریەک لە قەزاکانی ماوەت و قەرەداغ بوە، ســـەبارەت بە دابەشـــبونی ژینگەیەش نزیکەی لە (٨٥٪) شـــارنشـــین و (١٥٪) گوندنشین بوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، کە قەزاکانی ناوچە سنوورییەکان، دانیشتوانی لادێنشینی زیاترە لە قەزاکانی تر، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لە ســەر زیادبونی قوربانییەکان بە هۆی مین لەو ناوچە ســنوریانە، ســەبارەت بە دابەشبونی جوگرافی و ژینگەیی قەزاکای تریش لە خشتەی (١ـ١) خراوەتەڕو.

خشتەی (١ـ١)

ڕوبەرو و قەبارەو دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی ٢٠٢٠

| قەزا | ڕوبەر | % | ژ.دانیشتوان | % | ژ.شارنشین | % | ژ.لادێنشین | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوكان | ١٧٨٣.٥ | ١٦.٩ | ٨٤٢٥٢ | ٤.٥ | ٥١٤٧٧ | ٦٠.١ | ٣٢٧٧٥ | ٣٨.٩ |
| پشدەر | ١٤٠٨.٨ | ١٣.٣ | ١٤٨٩٣٨ | ٨.٠ | ١١٠٩٨٢ | ٧٤.٥ | ٣٧٩٥٦ | ٢٥.٥ |
| ناوەند | ١٤٠٧.٢ | ١٣.٣ | ١٠٢٠٣٦٧ | ٥٤.٩ | ٩٤٠٣٧٤ | ٩٢.٢ | ٧٩٩٩٣ | ٧.٨ |
| شارباژێر | ١٢١٠.٥ | ١١.٤ | ٢٤٤٢١ | ١.٣ | ٨٠٥٨ | ٣٣.٠ | ١٦٣٦٣ | ٦٧.٠ |
| پێنجوێن | ١١٣٥.٧ | ١٠.٧ | ٥٢٩٤٩ | ٢.٨ | ٢٩٠٩٢ | ٥٤.٩ | ٢٣٨٥٧ | ٤٥.١ |
| ڕانیە | ٨٥٣.٨ | ٨.١ | ٢٦٦٥٤٦ | ١٤.٣ | ٢٣٥٤٠٦ | ٨٨.٣ | ٣١١٤٠ | ١١.٧ |
| قەرەداغ | ٧١٧.٢ | ٦.٨ | ١٢٧٠٠ | ٠.٧ | ٣١١٠ | ٢٤.٥ | ٩٥٩٠ | ٧٥.٥ |
| سیدسادق | ٦٩٦.٣ | ٦.٦ | ٩٩٩٩٧ | ٥.٤ | ٧١٣١٨ | ٧١.٣ | ٢٨٦٧٩ | ٢٨.٧ |
| دەربەندیخان | ٥٦٧.٦ | ٥.٤ | ٥٧٨٥٤ | ٣.١ | ٥٣١٢٨ | ٩١.٨ | ٧٤٢٦ | ٨.٢ |
| ماوەت | ٤٦٣.٥ | ٤.٤ | ١٠٧٠٧ | ٠.٦ | ١٧١٥ | ١٦.٠ | ٨٩٩٢ | ٨٤.٠ |
| شارەزور | ٣٣١.١ | ٣.١ | ٨٠٣٨٥ | ٤.٣ | ٧٠١٨٢ | ٨٧.٣ | ١٠٢٠٣ | ١٢.٧ |
| کۆیگشتی / % | ١٠٥٧٥.٢ | ١٠٠ | ١٨٥٩١١٦ | ١٠٠ | ١٥٧٤٨٤٢ | ٨٤.٧ | ٢٨٤٢٧٤ | ١٥.٣ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بە ست بە:- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، و ٢٠٢٠، زانیاری بڵاونەکراوە.

## تەوەرەی دووەم: مین و جۆرەکانی و دابەشبونی جوگرافیایی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی

١- **مین**: مین جۆرە چەکێکە دروستکراوە بۆ بریندارکردن و کوشتنی خەڵک و تێکشکاندنی ئۆتۆمبیل و تانک و زرێپۆش بەکاردێت، مین لەسەر زەوی یان لەژێر زەوی دادەنرێت، بەپێ لێنان یان ڕاکێشانی تەلەکەی دەقەتێتەوە، مین هیچ کاتێک تێکناچێت و بە کۆنبون لەکارناکاوێت، ئاوهەوا (باو بۆران) کاری تێناکات.

زۆرجار مینەکان بە شێوەی ڕێزیک یان بە شێوەی هەڕەمەکی دادەنرێت، سوپاکان مەبەستیان لە دانانی، قەدەغەکردنی ناوچەیەک لە خەڵک یان پێشڕەوی سوپای دوژمن، زۆر جار نەخشەی دانانی هەیە و تەلی درکاوی بەکاردێنن بۆ چێوەکردنی وەک دڵنیایی و گرێنتی بۆ سەلامەتی خۆیان و سوپاکانیان، بەڵام دوای پرۆسەی سەربازییەکان زۆربەی تەلە دڕکاوییەکان براون و نەماون. **یان مین**: ئەو جۆرە چەکەیە کە قوربانیەکە خۆی دەیتەقێنێت (یان لە هەندێک کاتدا لە دورەوە دەتەقێندرێتەوە، بەڵام ئەمە زۆر بە کەمی تۆمارکراوە، واتە زیاتر قوربانییەکان مینەکەیان تەقاندۆتەوە).

### ٢- جۆرەکانی مین

**أ- مینی دژە مرۆڤ** (**دژە کەسی**(*))

بەتایبەتی بە مەبەستی کوشتن و کەمئەندام کردن و بریندارکردنی مرۆڤێک یان چەند مرۆڤێک دروست دەکرێت و بەکاردەهێنرێت. بەگشتی قەبارەی بچوکە و هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەک دروست بکرێت و بە کاربهێنرێت کە بینین و دۆزینەوەیان ئاسان نەبێت و بە پێلێنان یان دەستکارییەکی کەم بتەقنەوە و کاری خۆی ئەنجام بدات. مینی دژە مرۆڤ لە تەختە یان پلاستیک یان کانزا دروست دەکرێت هەروەها لە ڕەنگیشدا جیاوازن، دیارە بە هەمان شێوەی مرۆڤ بە ئاژەڵیشدا بتەقێتەوە واتە دەیکوژێت یان برینداری دەکات. پەیمانامەی ئۆتاوا بەکارهێنانی مینی دژە مرۆڤ قەدەغە دەکات. کە شوێنی چاندنی مین زۆربەی ئەو شوێنە کە دەناسرێت بە لەوەڕگای سروشتی.

مینی دژە مرۆڤ بەپێی کارکردن و کاریگەرییەوە دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە کە بریتین لە :- (مینی کڵپەدار، هەڵبەزە مینی ساچمەدار، مینی ساچمەدار، مینی ئاراستەکراو)

**ب- مینی دژە تانک**: زیاتر بە مەبەستی تێکشکاندن و پەکخستنی ئۆتۆمبیل دروست دەکرێت و بەکاردەهێنرێت، هەروەها کاریگەری کوشندەی دەبێت لە سەر ئەو کەسانی ناو ئۆتۆمبیلەکە، بەگشتی قەبارەیان گەورەیە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

زۆر جار لە ئەنجامی هەندێک گۆڕانکاری وا لە مینی دژە تانک دەکرێت بە مرۆڤیش بتەقێتەوە، وەک مینی دژە مرۆڤ لە ژێر یان دەوروبەری مینی دژە تانک. چەندین جۆری جۆری جیاوازی هەیە. (سـليمان، ٢٠٠٤، ل١٤- ٢٤)

## ٣- دابەشبونی جوگرافیایی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی

### أ- مین لە هەرێمی کوردستان

مێژوی مین لە هەرێمی کوردستـان دەگەڕێتەوە، بۆ دوای شـەستەکانی سـەدەی ڕابردو، بە تایبەتی بۆ شـەڕی حکومەتەکانی پێشوی عێراق دژی گەلی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٦١ــــ ١٩٩١)، بەڵام زۆرترین مینی چێندراو، دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ٨ساڵەی نێوان عێراق و ئێران (١٩٨٠ــ١٩٨٨)، کە نزیکەی (٦ــ ٨) ملیۆن مین، بە قوڵایی (١٠ ــــ ٣٠)کم٢، بە درێژایی سنوری هەرێم و ئێران چێندراون. هەروەها لە شەڕی ناوخۆ، شەڕی هاوپەیمانان (١٩٩١و٢٠٠٣)، شەری داعش (٢٠١٤ ـــــــ ٢٠١٧)، بە هەزاران مینی جۆراوجۆری تر لە ناوچەکانی هەرێم و سـنورەکانی چێندراون، ٣٥ جۆری مین و تەقەمەنی لە هەرێمی کوردسـتان بونیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمەی توێژەران مەبەستمانە هەردو جۆری مینن، ئەوانیش مینی دژە (کەسی و تانکی)ن، کە بە کێشی و جۆری جیاواز دروستکراون، کە زیان بەژینگەی سروشتی و مرۆیی لە هەرێمی کوردستن گەیاندوەو دەگەێنن.

ڕوبەری زەوی بە مین چێندراو لە هەرێمی کوردسـتان (٧٧٦کم٢)، لەو ڕوبەرە تاکو سـاڵی ٢٠١٩(٥١٩کم٢) پاکراونەتەوە، و (٢٥٧کم٢) ماوە کە دەکاتە لە (٣٣٪)، واتە ٣/١ ی ماوە، ساڵانە (١٠ ــــ ١٥)، کیلۆمەتر دوجا، لە ڕێگەی (٣٦) تیمی (١٥) کەسی( دەستی) و (٦) تیمی میکانیکی پاکدەکرێنەوە، کە پێکهاتون لە تیمەکانی دەزگای مین (٤ بەرێوەبەرایەتی) و ٢٨ کۆمپانیاو رێکخراوی بیانی و ناوخۆیی و تیمەکانی تری وەزارەتی پێشـمەرگەو دەزگاکانی ترئاسایشی هەرێم و کەسەخۆبەخشەکان هتد. کە ئەرکیان پاکردنەوەو خول و هۆشیاری و دڵنیایی جۆری هتد.. کە لە ١٩٩٢وە دەستی پێکراوەو تاکو ئێستا بەردەوامن.

تاکو ساڵی ٢٠١٨ زیاتر لە (١٣٤٢٢) قوربانی لێکەتۆتەوە، کە (١٠٧٧٨) بریندار و (٢٦٤٤) گیان لە دەستداوە، کە (٥٠٪) قوربانییەکان لە پارێزگای سلێمانین، و ساڵ بە ساڵ ژمارەی ئەو قوربانیانە گۆڕانکاری بەسەردایێت و زیاتردەبن. کە لە ٩٠٪قوربانیەکان لە گوندەکانن و لە ٩٥٪ لە ڕەگەزی نێرن. (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان، ئاماری بڵاوکراوە)

سەبارەت بە دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١، (٣٠٠٥) کێڵگەی مین هەبون، کە زۆرتریان (١٨٩١) کێڵگەیان بە ڕێژەیی لە (٦٣٪) دەکەونە پارێزگای سلێمانی، بە هۆی بونی زۆرترین



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

درێژایی سنور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، کەمترین کێڵگەی مینش دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان کە (١٢٤) کێڵگە کە (٤.١٪)، پارێزگاکانی تریش لە خشتەی(١ـ٢)ئاماژەی پێکردوە.

خشتەی(١ـ٢)

دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی مین لە هەرێمی کوردستان

| شوێن | ژ.کێڵگەی مین | % |
|---|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ٢٦٩ | ٨.٩ |
| پارێزگای سلێمانی | ١٨٩١ | ٦٣ |
| پارێزگای دهۆک | ٣٩٧ | ١٣.٢ |
| پارێزگای هەڵەبجە | ٣٢٤ | ١٠.٧ |
| ئیدارەی گەرمیان | ١٢٤ | ٤.١ |
| کۆی گشتی | ٣٠٠٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ڕێبەری شوێنی کێڵگە مینەکان لە هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، هەولێر،٢٠٢١، ل ٨-٦١.

## ب- دابەشبونی جوگرافیایی کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی

پارێزگای ســــلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردســــتان، کە زۆرترین کێڵگەی مینی تێدایە لە هەرێمی کوردستان، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری (جوگرافی و سیاسی و سەربازی هتد..) سەبارەت بە دابەشبونی کێڵگەکانی مین لە پارێزگاکە بە جیاوازی قەزایەکان کێڵگەکانی مین دابەشبون، وەک لە خشتەی (١ــــ٣) و شێوەی (١ـ١) و نەخشەی (١ـ٣) ڕونکراوەتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

خشتە (١ـ٣)

دابەشبونی جوگرافیای کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی

| ژ | قەزا | ژمارەی کێڵگەکانی مین | % |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ١٤ | ١ |
| ٢ | شارباژێر | ٤٤٨ | ٢٤ |
| ٣ | ماوەت | ٢٨٦ | ١٥ |
| ٤ | پێنجوێن (*) | ٥٤٢ | ٢٩ |
| ٥ | دەربەندیخان | ١٦٢ | ٨ |
| ٦ | دوکان | ٧٥ | ٤ |
| ٧ | سیدسادق | ٤٠ | ٢ |
| ٨ | قەرەداغ | ١ | ٠ |
| ٩ | شارەزور | ٢ | ٠ |
| ١٠ | ڕانیە | ٢٤ | ١ |
| ١١ | پشدەر | ٢٩٧ | ١٦ |
| | کۆی گشتی | ١٨٩١ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: ڕێبەری شوێنی کێڵگە مینەکان لە هەرێمی کوردستان، دەزگای گشتی کاروباری مین، هەولێر،٢٠٢١، ل ٢١–٣٧ و ٥٩ –٦٢.

سەبارەت بە دابەشبونی کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی، زۆرترین کێڵگەکانی مین لە قەزاکانی پێنجوێن (٥٤٢) کێڵگە، بە ڕێژەیی (٢٩٪)، شارباژێر (٤٤٨) کێڵگە، (٢٤٪) و پشدەر (٢٩٧) کێڵگە، (١٦٪) ماوەتە (٢٨٦) کێڵگە (١٥٪) کە هەمویان بە یەکەوە لە (٨٤٪) کێڵگەکانی مین پێکدەهێنن لە پارێزگای سلێمانی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم چوار قەزایە هاوسنورن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، کە هۆکاری زۆری ئەم کێڵگە مینانە دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی عێراق و ئێران.


کەمترین ڕێژەش لە کێڵگەی مین دەکەونە قەزایەکانی تر کە کۆی هەمویان لە (١٥٪) پتر نییە، بڕوانە (١–٣). و شێوەی (١–١)، ئەمەش بە هۆی دوریان لە سنورو ناوچەی جەنگی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

شێوەی(١ـ١)

دابەشبونی ڕێژەیی کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی





سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بە خشتەی ( ١-٣)



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34**

نەخشەی (١ـ٣ )

دابەشبونی قەبارەیی کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی(ناوچەی توێژینەوە)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١ـ خشتەی (١-٣) ٢- بەرنامەی (Arc GIS 10.8).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

**تەوەری سێیەم: لەوەڕگای سروشتی و کاریگەری مین لەسەر لەوەڕگای سروشتی لە پارێزگای سلێمانی**

مەبەست لە لەوەڕگا سروشتییەکان [*]: بریتین لە ڕووبەرێک لە زەوی دیاریکراو، کە شیاوی چاندنی کشتوکاڵی نین، بە هۆی ڕێگری هۆکارە سروشتییەکان وەک: (ئاووهەوا، خاک، دەرامەتی ئاو، بەرزیونزمی، لێژی هتد..)

لەوەڕگا سروشتییەکان پێکدێت لە دارستان (درەخت) و گژوگیا بە جیاوازی جۆرو وەرزەکان، ئەو ڕووەکەو گژوگیایەن کە شیاوی لەوەڕاندنی ئاژەڵن، بە جیاوازی جۆرەکانیان، خۆڕسکن و بەبێ دەستکاری مرۆڤ دەڕوێن، سەرچاوەی دابینکردنی باشترین و تەندروسترین و هەرزانترین ئالیکی سروشتین بۆ ئاژەڵی (ماڵی و کێوی)

هەروەها لەوەڕگا سروشتییەکان بە بەشێکی گرنگی دەرامەتە سروشتییە نوێبوەکان دادەنرێن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر لایەنی جوگرافی و ئابوری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی هەر ناوچەو هەرێمێک، بۆیە پێویستە پارێزگاریان لێبکرێت و بەتایبەتی لەو زیانگەیاندنانەی لەلایەن مرۆڤەوەیە، وەکو چاندنی مین و لەوەراندنی بێ سەرپەرشت و ئاگرکەوتنەوە هتد...

لەوەڕگا سروشتییەکان گرنگیان زۆرە لە زۆر لایەنەوە لەوانە (دەرامەتێکی سروشتی بەردەوام دارستان و گژوگیای سروشتین، سەرچاوەی ئالیکی سروشتی (گژوگیا، پوش، پاوان)ی سامانی ئاژەڵن. و ژینگەیەکی گونجاون بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی هەنگ، پاراستنی هاوسەنگی ژینگەو پاکی ئاوهەوا، ناوچەی بونی ئاژەڵی کێوین بە جیاوازی جۆرەکانیان، ناوچەی گەشتوگوزارن لە وەرزە جیاوازەکان بە هۆی جوانی دیمەنەکانیانەوە.

سەرچاوەی دروستکردنی زۆر دەرمانی سروشتین، سەرچاوەی خۆراکی گیا بە هارییەکانن، لەوەڕگای سروشتی (دارورخت) وەک سەرچاوەی سوتەمەنی بەکاردەهێنرێت، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پاراستنی خاک لە ڕاماڵین هتد...) (ئەمین وئەوانی تر ،٢٠١٩، ل٩-١١)

ڕووبەری لەوەڕگای سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ( ١٩٤٥١٣٢) دۆنم مەزەندەدەکرێت، کە لە خشتەی (١ـــ٤) ڕونکراوەتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

خشتەی(١ـ٤)

ڕووبەری لەوەڕگای سروشتی بە دۆنم و (%) و لە وەڕگای سروشتی بە مین چێندراو و (%) لە پارێزگای سلێمانی

| ژ | قەزا | ڕووبەری لەوەرگا بە دۆنم | ڕێژەیی % | ڕووبەری لەوەرگا بەمین چێندراو دۆنم | ڕێژەیی % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سیدسادق | ٢٩٧٤١٩ | ١٥,٣ | ٢٢٢٤ | ٢,٨ |
| ٢ | دوکان | ٢٨٨٧٢٦ | ١٤,٨ | ١١٨٨ | ١,٥ |
| ٣ | قەرەداغ | ٢٦٩٨٥٠ | ١٣,٩ | ١٥٧ | ٠,٢ |
| ٤ | ناوەند | ٢٤٧٠٠٩ | ١٢,٧ | ٩٥١ | ١,١ |
| ٥ | شارباژێر | ٢٣٢٠٩٠ | ١١,٩ | ٧٩٩٩ | ١٠ |
| ٦ | پێنجوێن | ١٨٩٢١٥ | ٩,٧ | ٣٠٥٩٩ | ٣٨,٢ |
| ٧ | پشدەر | ١٧٥٩١١ | ٩ | ١٠٩٧٦ | ١٣,٧ |
| ٨ | دەربەندیخان | ٩٩٨٧٩ | ٥,١ | ٢٣,٤٦٥ | ٢٩,٣ |
| ٩ | ڕانیە | ٧٤٩٠٣ | ٣,٩ | ٧٧٤ | ١ |
| ١٠ | شارەزور | ٤٠٢٥١ | ٢,١ | ١٦٠ | ٠,٢ |
| ١١ | ماوەت | ٢٩٨٧٩ | ١,٥ | ١٥٩٩ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ١٩٤٥١٣٢ | ١٠٠ | ٨٠٠٩٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕیوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ لە سلێمانی، بەشی ئاژەڵداری، فۆرمی ئاماری ئاژەڵداری ٢٠١٥، زانیاری بڵاوکراوە.

لە خشتەی(١ــــــ٤). دەردەکەوێت، ڕووبەری لەوەڕگای بە مین چێندراو (٨٠٠٩٢) دۆنمە، کە لە(٤,١١%) لەوەڕگای سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوەی داگیرکردوە، خشەی (١ـــــــ٤). زۆرترین ڕووبەری لەوەڕگای بە مین داچێنراو لە قەزاکانی پێنجوێن(٢,٣٨%)، دەربەندیخان(٣,٢٩%)، پشدەر (١٣,٧%) بوە و کەمترینیش لە قەزاکانی ناوەند(١,١%)، ڕانیە (١%)، شارەزورو قەرەداغ هەریەکەیان کەمتر لە (١%) بوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

ئەمەش کاریگەری هەبوە لە سـەر دەسـتکەوتنی ئالیک بۆ ئاژەڵەکان لە لەوەڕگا سـروشـتییەکان، بە تایبەتی بونی مین لە پاریزگاکەو لە ناوچە سەر سنورییەکانی هەرێم و ئێران.

لەوەڕگای سـروشـتی کاریگەریی لەسـەر بەخێوکردنی ئاژەڵ لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، چونکە، لەوەڕگای سروشتی دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ئالیکی ئاژەڵە و هەموجۆرە خواردنێکی ئاست بەرزی بە سودی بۆ ئاژەڵ تێدایە و هەرزانترین سـەرچاوەی ئالیکە، هۆکارێکی سـەرەکییە بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئاژەڵ. کەمی لەوەرگا کاریگەریی لە سەر ژمارە وجۆری بەرهەمی ئاژەڵ هەیە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

سـەبارەت بە ژمارەی ئاژەڵ لە پارێزگای سـلێمانی، ژمارەی ئاژەڵی سـەرەکی لە پارێزگای سـلێمانی (١٤٧٧٦٢١) سەر ئاژەڵ بوە، کە زۆرترین لە قەزاکانی (پشدەر(٣٨٪) ، دوکان(١١.٧٪) ، ناوەند (١٠.٦٪) و کەمترینی لە قەزاکانی (دەربەندیخان و شارباژێرو ماوەت)، قەزاکانی تریش لە خشتەی (١ـ٥). ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی (١ـ٥ )

ڕێژەی (%) ئاژەڵ و لەوەڕگای سروشتیی و پشت بەستن بە لەوەڕگای سروشتی

| ژ | قەزا | ژ.ئاژەڵ | % | ڕێژەی پشت بەستن بە لەوەرگای سروشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پشدەر | ٥٦٥٩٢١ | ٣٨ | ٦٧.٤ |
| ٢ | دوکان | ١٧٢٣١٧ | ١١.٧ | ٥٧.٦١ |
| ٣ | ناوەند | ١٥٦٧١٩ | ١٠.٦ | ٤٣.٣ |
| ٤ | ڕانیە | ١١٥٠٠٤ | ٧.٨ | ٦٣.٨ |
| ٥ | پێنجوێن | ١٠٥٦٦١ | ٧.٢ | ٥٩.١٧ |
| ٦ | سیدسادق | ٩٨٧٣٥ | ٦.٧ | ٥٣.١ |
| ٧ | شارەزور | ٧٣٩٣٩ | ٥ | ٧٣.٦٨ |
| ٨ | قەرەداغ | ٦٨٨٢٦ | ٤.٧ | ٧١.٥٨ |
| ٩ | دەربەندیخان | ٥٤٩٩٤ | ٣.٧ | ٧٢.٩ |
| ١٠ | شارباژێر | ٣٩٠٧٨ | ٢.٦ | ٦٣.٦ |
| ١١ | ماوەت | ٢٦٤٢٧ | ١.٨ | ٨٢.٤٩ |
| کۆی گشتی/ ڕێژەی % | | ١٤٧٧٦٢١ | ١٠٠ | ٦٤.٤٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١- بەڕیوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، ٢٠١٥داتای بڵاوکراوە. ٢- ب. سامانی ئاژەڵ لە سلێمانی، بەشی ئاژەڵداری، فۆرمی ئاماری ئاژەڵداری ٢٠١٥، زانیاری بڵاوکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

سەبارەت بە کاریگەریی لەوەڕگای سروشتی لە سەر سامانی ئاژەڵ لە ناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی (١ــ٥) ئاماژەی پێکراوە، بە خێوکردنی ئاژەڵ لە (%٤٣.٦٤) پشت بە لەوەڕگای سروشتی دەبەستێت بە لەرچاوگرتنی جیاوازیی ساڵەکان، هەروەها جیاوازی لە نێوان ژمارەی ئاژەڵ و ڕووبەری لەوەڕگای سروشتی و ڕێژەی پشت بەستن بە لەوەڕگای سروشتی لە نێوان قەزاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەیە، بۆنمونە قەزای پشدەر لە (%٣,٣٨) ئاژەڵی تێدا بەخێودەکرێت، بەڵام ڕێژەی لەوەڕگای سروشتی لە (%٩)یە، کە ڕێژەکان لە یەکترەوە دورن و لە (%٤.٦٧) سود لەو لەوەڕگایە وەردەگیرێت، هۆکاری زۆری ژمارەی ئاژەڵ لە قەزای پشدەر دەگەڕێتەوە بۆ بونی هەردو جۆری ئاووهەوای (Csb, Csa) ، فراوانی ڕووبەری (کشتوکاڵ وناکشتوکاڵ و باخ)، و نزیکی وبونی ناوچەی کوێستانی و زۆری خێزانی ئاژەڵدار، لە قەزای ڕانیە لە (%٨,٧)ی ئاژەڵی تێدا بەخێودەکرێت، بەڵام ڕێژەی لەوەڕگای سروشتی لە (%٩,٣)ە، کە ڕێژەکان لەگەڵ یەکتر مام ناوەندن، بەو پێیەی لە (%٨.٦٣) سود لەو لەوەرگایە وەردەگیرێت. لە کاتێکدا قەزای ماوەت لە (%٨,١) ئاژەڵی تێدابەخێودەکرێت، بەڵام ڕێژەی لەوەڕگای سروشتی لە (%٥,١)ە، کە ڕێژەکان لە یەکترەوە نزیکن و لە (%٤٣.٦٤) سود لەو لەوەڕگایە وەردەگیرێت.

بە گشتی کاریگەری مین لەسەر لەوەرگای سروشتی لە ناوچەی توێژینەوە، لە (%٤.١١) بوە، کە کاریگەری کردۆتە سەر لەوەڕگای سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (بە جیاوازی قەزاکان) بۆنمونە، هەریەکە لە قەزاکانی

(دەربەندیخان، شارباژێر، ماوەت) نزیکەی لە (٤٣.١٪) ڕێژەی مینیان تێدایە، لە کاتێکدا کەمترین ئاژەڵی ناوچەی توێژینەوەی تێدا بەخێودەکرێت کە لە (٨٪)، سەرەڕای ئەوەش، لەوەڕگای سروشتی لەو ناوچانە، سەرچاوەی سەرەکی ئالیکە لەو قەزایانە.

**ئەنجام:**

١. ـ پارێزگای سلێمانی لە (٦٤٪)، زۆرترین مینیان چێندراوی تێدایە لە هەرێمی کوردستان.
٢. لە ٨٤٪ کێڵگەکانی مین لە پارێزگای سلێمانی، کەوتونەتە قەزاکانی (پێنجوێن، شارباژێر، ماوەت، پشدەر) کە هاوسنورن لە گەڵ سنوری ئێران، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی عێراق–و ئێران.
٣. بونی مین لە ناوچەی توێژینەوە، لە (٤,١١٪) کاریگەری هەبوە ، لە سەر لەوەڕگای سروشتی و سامانی ئاژەڵ، چونکە سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی لە (٦٤.٤٣٪) پشت بە لەوەڕگای سروشتی دەبەستێت.
٤. هەتا ئێستا زۆربەی کێڵگە مینەیەکان پاکنەکراونەوە. بەتایبەتی ناوچە شاخاوی سنورییە سەختەکان و کوێستانییەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

## پێشنیار و چارەسەر:

١. دورســــتکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی وهاوکاری بەردەوام لە نێوان توێژەرانی بەشــــە پەیوەندارەکانی زانکۆکانی هەرێم لەگەڵ (دەزگای مین و ژینگەیی هەرێم و ڕێکخراو و شارەزا نێودەوڵەتییەکان وحکومەتی عێراق) تایبەت بەو بوارە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانســتی گشــتگیرو ورد لەســەر ئاســتی هەرێم وناوچە جیاوازەکان بە مەبەستی تۆمارکردن و دەستکەوتنی ئامارێکی دروست لە سەر سەرجەم شوێنە مینڕێژکراوەکانی هەرێم وناوچە جیاوازەکان (پاککراوە وپاکنەکراوەکان) ونەپشــــکێنراو و قوربانی وگرفتەکانی هتد.، و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئامارەکان لە میدیاو و دەرخســــتنیان لەســــەر نەخشــــە و هەروەها خستنەڕوی کاریگەریەکانی لە سەر ژینگەی هەرێم.

٢. زیادکردنی تیمەکانی پاکردنەوە و راهێنانی بەردەوامیان لەڕوی هونەری ودابینکردنی زیاتری کەرەســــتەو پێداویسـتیەکانی سـەردەم بۆیان وچاودێریکردنی بەردەوامیان، بۆ پلاندانان و خێراکردنی پاکردنکردنەوەی ئەو ڕوبەرو ناوچە مینڕێژکراوانەی ماون .

٣. بڵاوکردنەوەی زیاتری هۆشـیاری و پابەندکردنی هاووڵاتیان (گەشـتیار، شـاخەوان، دانیشـتوانی گوندەکان خاوەن ئاژەڵەکان هتد..) بە ڕێنمایەکان ودروسـتکردنی ڕێبەری مین بۆ ئەو مەبەسـتە، و هەمانگی زیاتری لایەنە پەیوەندارەکان لە هەرێم بۆ دورخستنەوەو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی.

٤. هاوکاریکردنی زیاتری پیشەگەرەکانی مین و قوربانییەکانی مین لە ڕوی یاسایی و تەندروستی (جەستەیی ودەرونی) و دارایی و کۆمەڵایەتی هتد.. بۆ دابینکردنی ماف و ژیانێکی شایستە بۆیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34

# A Geographical analysis for mine distribution and its impact on natural pasture in Sulaymaniyah government.

**Dler Khalid Hassan**[1] **- Pishtiwan Shafiq Ahmad**[2]

[1+2]Geography Department, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Mine is identified as a part of war and intimidating weapon for people. It is a war weapon which is used for the purpose of disserving both physical and material damages. It is the most effective and the cheapest weapon which is designed to be placed under a material or under the ground near the surface of the natural pastures that are not useful for the purpose of cultivating and farming due to some natural factors such as (topography, climate, soil, etc.) of the lands which covered with forests and grasslands because of the diversity of the places, the types and the variability of the seasons which grow up without any human efforts. The lands that are the main sources of the best, healthiest, and cheapest kinds of fodders and algae for all domestic and wild animals. Natural pastures are also renewable resources that have influence on all the aspects of geographical, environmental, economic, social, etc. of each regions. The study attempts to show the distribution of minefields in Sulaymaniyah province, the history of mines in the study area, and their effects on natural pastures in the Sulaymaniyah province. Some factors in the study area cause an increase in mines; the study attempts to show the distribution of minefields in the Sulaymaniyah province to protect people, tourists, and livestock owners in the border region in particular. In the study, inductive, regional, and analytical methods are used. The study consists of three main parts: the first is about the site and situation of Sulaymaniyah province; the second is about the types of mines and the distribution of minefields in the Kurdistan region and Sulaymaniyah province. The last part is about the effect of mines on the natural pastures in the study area, with a conclusion and suggestion to reduce the impacts of mines on the natural pastures and their people in Sulaymaniyah province in general. At the end of the study, some results were obtained, such as: Sulaymaniyah province has the highest rate of landmines, which is about %64 of all landmines included in the Kurdistan region, and about %84 of landmines in Sulaymaniyah province are located in districts that have borders with Iran, because of the Iraq-Iran war. In the study area, minefields have an impact of about %4.11 on natural pastures, and about %64.43 of the livestock wealth in Sulaymaniyah province depends on natural pastures.

**Keywords** :Sulaymaniyah Government, Mine, Geographical Distribution, Natural Pasture.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34**

## سەرچاوەكان:

بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتیی باخداری ودارســـتان وپاوان،ب. پلاندانان وبەدواداچون(،٢٠١٤.)، پرۆژەو چالاكییەكانی ئەنجامدراو لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژی(٢٠٠٩-٢٠١٣)، هەولێر.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی(٢٠١٥)، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەكراوە

حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، بەڕیوەبەرایەتی سـامانی ئاژەڵ لە سـلێمانی(٢٠١٥)، بەشـی ئاژەڵداری، فۆرمی ئاماری ئاژەڵداری، زانیاری بڵاوكراوە

حمدامین، هاشـم یاسـین، ئەوانی تر،(٢٠١٩) گرنگی جیۆئابوری لەوەڕگا سـروشـتیەكان و گەشـەپێدانی لە ناوچە شـاخاوییەكانی پارێزگای هەولێر، گۆڤاری زانكۆی دهۆك.

دەزگای گشتیی مین لە هەرێمی كوردستان(٢٠١٦)، بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری مین لە پارێزگای سلێمانی، داتای بڵاونەكراوە.

ڕێبەری شوێنی كێڵگە مینەكان لە هەرێمی كوردستان(٢٠٢١)، دەزگای گشتی كاروباری مین، هەولێر.

ســـلێمان، فوئاد ئەحمەد(٢٠٠٤)، ڕێبەری مامۆســـتا بۆ فێركردن لە مەترســـیەكانی مین بۆ خوێندنگا ناوەندی و دواناواندیەكان، ڕێكخراوی كورستان بۆ هۆشیاركردنەوە لە مین، سلێمانی.

رسول، سنور احمد، (٢٠٠٤)،ظاهرة التصحر في سهل أربيل، ناحية قشتەپە/منطقة الدراسة، رسالة ماجستير(غير منشورة) مقدمة الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34**

## پەراوێزەکان:

(*) ئیدارەی گەرمیان لە٦/٨/ ٢٠٠٦ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، کە ناوەندەکەی قەزای کەلارە .

(**) قەزای هەڵەبجە بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٣٦) لە بەرواری ٢٠١٣/٦/٤ و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە (٥٦٨) لە بەرواری ٢٠١٣/١٢/٣١ بڕیاری بە پارێزگا بونی درا. ئەم بڕیارە لە ٢٠١٤/٣/١٣ لەلایەن حکومەتی هەرێم خرایە بواری جێبەجێکردن بە هەمان سنوری کارگێری ئێستای کە پێکهاتوە لە قەزای هەڵەبجە و ناحیەکانی (سیروان، خورماڵ وبیارە) .

(*) لە % ٩٥ مینە چێندراوەکانی ناوچەی توێژینەوە لە جۆری مینی دژە کەسین، (ب.گشتی کاروباری مین لەپارێزگای سلێمانی، ٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە)

(*)لە سەردەمی حکومەتی عێراقی پێشو لە ساڵی حەفتاکان و شەڕی عێراق و ئێران، ٧ ملیۆن مین لە هەرێمی کوردستان چێندراون و لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ٧٧٦ ملیۆن م٣ زەویی مینڕژکراو هەیە لەو ڕێژەیە (٣١٤ملیۆن م٣) لە پارێزگای سلێمانییە، کە (٤٠،٤٦%)ە، زۆرترین ڕێژەش لە قەزای پێنجوێنە، کە (٦٠م٣) یە و شارباژێر (٥٥م٣). تا ئێستاش (٣٠%) زەوییەکان پاککرونەتەوە. سەرچاوە: دەزگای گشتیی مین لە هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری مین لە پارێزگای سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٦



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper34